# پەیامیك لەزانكۆی سەلاحەددینەوە بۆزانكۆی بەسرە

بەشدارعلی_زانكۆی سەلاحەدین

قوتابیان ولاوان هۆشیارترین و بەرفراوانترین جینی ئەكتیفی نیو كۆمەلگان,خاوەنی زۆرترین حەزو خۆزگە و ئاواتەكانن,لە پیناویئاژادی یەكسانی وخۆشگوزەرانی و ژیانیكی شایستە بۆ ئینسانەكان, لە پیناوی نەمانی توندوو تیژیو وەحشی گەری لە هەموو قۆناخ بارو دۆخیكدا دەنگیان هەلبریوە بەرووی خولقینەری وەزعەكە وەستاونەتەوە. یەكیك لەو بەلایانەی كەهەمیشە بۆتە مۆتەكە لەسەر لاوان ئیسلامیەكان بونە,هەر لە سەرەتاوە بەرنامە وپرۆگرامەكانیان,دوستورو یاساكانیان,شەرعیەتو عەقیدەكانیان,ئۆزقالیك نزیكایەتی نەبوە بە حەزو هیواو خۆزگەكانی لاوانو ریفاهیەتی مرۆڤ.هەمیشە وەكو سالیبو مجەب بەرامبەر یەك وەستاون,دزایەتیژیانی ئینسانیان كردووە بە مانی ووشە.لە پیناوی بردنە پیشەوەی وەحشیگەریەكانیان درندانەترین شیوازیان گرتۆتە بەر هەرگیز مامەلەیان لەگەل دیالۆگ و گفتوگۆ نەكردوە بەلكو تەنها مامەلەیان لەگەل جەستەی مرۆڤكان كردوە,هەركەسیك ئیمرۆ باسی ئازادیو ئینسانیەتی كردبیت بۆرۆژی دواتر فتوای كوشتنی دراوەو تیرۆر كراوە. لەم نیوەندەشدا قوتابیانولاوان كە رۆژ لەدوایرۆژ زیاتربەروی دونیای وەحشیگەریو نایەكسانی ئیمرۆ هۆشیار دەبنەوەو رەخنە دەگرنو نارەزای دەردەبرن,بەشی شیریان بەركەوتوە.

لەم جەندرۆژەشدا بەداخەوە هەوالی هیرشی درندانەی تیرۆریستە ئسلامیەكانمان بۆسەر ئیۆەی قوتابیانی زانكۆی بصرامان بیگەیشت .تەنها لەبەر ئەوەی جەند ساتیكی خۆشتان كچ و كورانتان بەیەكەوە بەسر بردبوو دوور لە پۆستالی مارینزەكان و دەبابەكان و كاری تیرۆرستیەكانی ئەم گروبانە . لەپیشەكی ((خویننامە)) زەردەشتی دەنوسیت((لەوەتەی هەیە,ئاینی ئیسلام,ئاینی بەرژەوەندیو ئاینی جەنگاوەرانە,بەهەشت بۆتە مۆتەكەو لەژیر سیبەری شمشیرەكەی دا دۆزەخ دەباری!, رۆژانە نان و ئاو و خەوو خۆراك و ئازادیو ئەمنیە ت و میژووی ژیانی مرۆڤایەتی خەلتانی خوین كردووە و بە دەیان وسەدان وهەزارانی تیرۆر كردوەو جینۆساید دەكات و ئینسان سەر دەبریو مندالی ساوا پەل پەل دەكات و سەد ئەوەندەی دیكە یشی ئاما دەكردوە خۆیان بتە قینەوەو ئەم جیهانە بكەنە گۆمی خوین .............))

ئەم جارەشیان جە قۆ كیشانی ئیسلامی جاویان بە تیكەل بونی كجان و كورانی زانكۆ هەل نەهات, كویر دەبن كە جل و بەرگی مۆدیرین لە گەشت و سەیرانگاكان دەبینن دوای ئەم سیناریۆ رەشەی كە لە شارەكانی عیراق رۆژانە سە ختتری دەكەنەوە. بەلام كۆمە لگای عیراق بە هەزارو یەك شیوە سە لماندویەتی كە كۆملگایەكی ئاژادیخوازو سیكۆلارە, كجان و زنانی عیراق رۆژانە دەیلینەوە كە جبە و جادریان ناویت, دەستورو یاساكا نی ئیسلامیان قبو ل نیە ,بەلكو سیستەمیكی ئازادو یەكسان و سیكۆلاریان دەویت كە مرۆڤایەتی بیناسەی ئینسانە كان بیت نەك دین و نەتەوەو مە زهە بو عشیرەت .

_قوتابیانی دل برلە هیوای زانكۆی بصرە

_لاوانی نارازی ژیر سیناریۆی رەش

ئیمە لە زانكۆی سەلاحەدین , جەندین جارو بەجەندین شیوازی جیاجیاوە كەوتوینەتە بەر هیرش و پەلامارەكانی عەقلی دارزیوی ئیسلامیەكان, كە دەیانەویت هەموو خەلك لە ئاوینە ژەنگاوییە كەی ئەوانەوە دونیا ببینیت .

تیزاب پیا كردن بە دەست و ڤا جی ئە م كجانەی كە جلی دلخوازی خۆیان دەبۆشن , بریاری جیا كردنەوەی كجان و كوران لە جەندین بەش و كۆلیژەكان,هەرەشە كردن و تیرۆر كردنی قۆتا بیانی ئازای خوازو نارازی ,تە قانەوەی كافتریاو شوینەكانی بە یەكەوە بونی كجان و كوران ,جەندین كردەوەی نائەخلاقی تر .........

بەلام دوا جار ئیمە پیمان وتن ,ئیمە سیستە میكی خویندنی سیكۆلارمن دەوی , ئیمە دەمانەوین دین وقومیەت لە پەروەردەو فیركردن خیابكریتەوە,پیمان ووتن ئەم كۆمەلگایە شوینی ئیوە نیە,ئەم كۆلگایە دەستورویاسی ئیسلامی قبول نیە,جەندین جار دەمشكین كرانەوە.بەلام بە داخەوە لە ماوەی ژیاتر لە $2$ سالی رابردوووداگیركاری و ویرانكاری شارەكانی ناوەراست وباشوریان بە فرسەت ژانیئاراستەی شمشیر وجەقۆكانیان گواستەوە بۆ ئەوی,بە شیوەیەكی زۆر وەحشیانە لە هەولی بە ئیسلامی كردنی ناوەندەكانی خویندنن,هیرشی ئەم جارەشیان بۆ سەر ئیوە بۆ هەمان مەبەستە و ئامانجە.

بەلام دەبیت لەلایەن ئیوەی نارازی وەلام وەربگرنەوە,دەبیت هیزی فراوانی نارەزایە تیەكانمان یەكگرتوو بكەین,دەبیت پیان بلین هیرشی وەحشیانە وكوشتن و ترس وتۆقاندن نابیتە ریگر لە بەردەم ممارەسە كردنی حەزو خۆزگەوئارەزووەكانمان. دامەزراندنی ریكخراوتكی

**ئازادیخوازی قوتابان ولاوان بیویستیەکی ئەمرۆی کۆمەلگای عیراقە.ئیمەش لە گەلتانین....لە گەلتانین , بۆ دەمکوتکردنەوەی ئەم جەلادانە ,قوتابیانی زانکۆی صەلاحەددین لە گەلتانە .**